## كۆڕی بەڕێزان / پرۆفیسۆر د . خلیل ئیسماعیل – عەبدول فەتاح بۆتانی
## " خوێندنەوەیەکی مێژوویی جوگرافی لەسەر کەرکووک و موسڵ "

دانیشتوانی جیهان ، بەتایبەتی لە ماوەی مێژووی تازەیدا ، جموجوڵێکی بێ وێنەی لە تێکەڵ بون و کارلێککردن لە نێوان رەگەز و نەتەوە و ئاینەکانیدا بە خۆیەوە دیت ، بە هۆی پەرەسەندنی تواناکانی مرۆڤ لە چالاکی و زیادبوونی داواکاریی و پێداویستی و ئاسانیی جولەکردنی ...

ئەمەش بوە هۆی زیاد بوونی ژمارەی ئۆردوگا نیشتەجێکردنەکان و فراوانبوونی بازنەی کلتووری و بونیادنان لەسەر رووی زەوی ، سولالە جۆراو جۆرەکانیش تێکەڵ بەیەك بوون و زمان و کلتور و ئایدیاکانیش لەیەکتر نزیك بوونەوە ... کارێکی لەو جۆرەش بووە هۆی ئەوەی کە پشت بەستن بە مێژوویان بە جوگرافیای مێژوویی ، کارێکی لەو جۆرەش بووە هۆی ئەوەی کە پشت بەستن بە مێژوویان بەجوگرافیای مێژوویی ، کارێکی زەحمەت بێت لە دەستنیشانکردنی چارەنووسی گەل و میللەتان ... ئەگگینا دەبوایە جارێکی دیکە وێنەی نەخشەی دابەشبوونی گەلانی جیهانمان بکێشابایەوە .... ئایا دەکرێت ( هیندیە سورەکان ) داوای گەڕانەوەی کۆچبەرە ئەوروپی و ئەفریقیەکان بکەن بۆ وڵاتەکانیان ؟ ! یان دەرکردنی عەرەب لە ئەفریقیا و ( هلال الخصیب ) و گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنەکانیان لە دوورگەی عەرەب ؟ ! یان گێڕانەوەی تورکەکان بۆ ناوەڕاستی ئاسیا و رۆژهەڵاتی دەریای قەزوین ؟ ! بەو پێیە و بۆ ئەوەی واقیع بینانە بین لەدیارکردنی چارەنووسی گەل و میللەتە چەوساوەکان ، ئەوانەی کە تائێستا لە ژێر دەستی خەڵکانی دیکە دان ، دەبێت بۆ خودی دانیشتوان بگەڕێینەوە ، چونکە ئەوان پەیوەندییان بەشێوازی حوکم و ئەو هەرێمانەوە هەیە کە مەبەستیانە و دەیانەوێت دیاری بکەن . بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەسبەرداری هەموو ئەو راستیانە بین کە لەسەر زەوی هەن ، چونکە ئەمە ئەو چوارچێوەیەیە کە ئەو خەڵکە خۆیان لەسەر دۆزیوەتەوە و لە پێناوی خزمەتکردنی کلتور و مێژووەکەیان و پاراستنی شارستانیەتەکەشیان ، قوربانی زۆریان داوە ...

بەو پێیەش کە ئەو توێژینەوەیە ، پەیوەندی بە کوردستانی عێراقەوە هەیە ، بۆیە لە گۆڕانکاریەکانی سەدەی ( 20 ) ە مدا ، شایەدێك بەدی دەکەین لەسەر چەوساندنەوەی گەلی کورد لە ژێر رۆشنایی دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێی لە کاروبارەکانی و یاریکردن بە چارەنووس و ئاییندەکەی .

لەو نموونە مێژووییە هاوچەرخ و بەڵگە و بەیاننامە پشت پێ بەستراوانەش کە تا ئێستا کاریگەرن و سەدەکانی رابردوو نەیان شێواندوون ...

### پێگەی جوگرافی هەرێم

هەرێمی کوردستانی عێراق ، دەکەوێتە نێوان هەردوو ناوچەی شاخاوی لە باکوور و رۆژهەڵات و ناوچەی دەشت و دۆڵەکان لە باشوور و رۆژئاوا ، ئەمەش وایکردووە کە ببێت بە پردێك بۆ نەتەوە هێرش بەرەکان و شوێنی بەیەك گەیشتنیان و دواتر جێگیربوونیان و دامەزرانیان لەناوچەکەدا و سود وەرگرتن لە زۆریی ئاو و لە باریی کەش و هەواو و بەپیتیی خاکەکەی .. هەر بۆیە زۆر لە تایەفە و

نەتەوەی جۆراوجۆر لەو ناوچەیە سەریان هەڵداو تەنانەت هەندێك لە لێكۆڵەران بە ( مۆزەخانەی ئەتنۆگرافی ) ناوزەدیان كردووە . راستیەكانیش ئاماژە بەوە دەكەن كە گەلی كورد توانیویەتی پارێزگاریی لە تایبەتمەندێتیە نەتەوەیی و كلتوریەكانی بكات لە ناوچە بەرزەكاندا ... هەروەك چۆن عەرەبیش توانیویەتی كە تایبەتمەندیە نەتەوایەتیەكانی خۆی لەناوچە دەشتاییەكاندا بپارێزێ ، لە كاتێكدا توركمانەكان لە ناوچەی تەماسیەكانی نێوان هەردوولادا كۆبوونەتەوە لە چەند بنكە و گروپێكدا ، كە لەتەلەعفەرەوە درێژ دەبنەوە لە پارێزگای موسڵ تا مەندەلی لە پارێزگای دیالا .

## نیشتەجێكردنی عەرەب لە عێراق

مێژوونوسان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نین ، ئاماژە بەبوونی عەرەب بكەن لە عێراق ، تەنانەت تا دوای هەزارەی یەكەمی پێش زاینیش ... زاراوەی ( عەرەب ) یش بە بە ( بادیە ) وە بەستراوەتەوە لە زمانە سامیەكاندا و هیچ شەپۆلێكی سامیەكانیش بەو زاراوەیە ناوزەد نەكراوە . جورجی زێدانی نووسەر وای بۆ دەچێت كە ناوزەد نەكراوە وشەی عەرەب بەر لە ئیسلام بە تەنیا بۆ دانیشتوانی دوورگەی عەرەب ، لە نێوان هەردوو روباری فورات و نیلدا هاتووچۆیان دەكرد . لەو شانشینانەش كە عەرەب بەر لە ئیسلام دروستیان كردوون ، ئەنبار لە رۆژهەڵاتی ئوردن و لەخمینیەكان لە رۆژئاوای عێراق كە پایتەختەكەیان ( حیرە ) بوو .

رێڕەوی عەرەبیش لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامی لەسەدەی ( 7 ) ەمی زاینی ، یەكێكە لە گەورەترین رووداوەكان لە پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی عێراق و دەستكرا بە دروستكردنی چەند شارێكی نوێ كە لەگەڵ تێپەربوونی كاتدا بوون بە چەند پێگەیەك بۆ پەلكێشكردنی خەڵكانی دیكە . تا سەدەی چوارەمی كۆچیش ( دەیەمی زاینی ) ، لەسەر خاكی دورگەی فوراتدا ، كورد و ئەعرابەكان زۆرینەی دانیشتوان بوون ( هەروەك چۆن ئەستەخریباسی لێوە دەكات ) ، یاقوتی حەمەویش ( 626 ك – 1228 ز) دەڵێت :

ئەو ناوچانە لە ماوەی سەدەی شەشەمی كۆچیدا ، لە نێوان هۆزە عەرەبی و كورد و توركمانەكاندا دابەش بوو بوون ، لەماوەی سەردەمی عەباسیەكانیشدا رەوتی بەعەرەبكردن بەردەوام بوو ، ( بلازەری) یش بۆ یەكەم جار ئاماژەی بە نیشتەجێكردنی هۆزە عەرەبیەكان كردووە لە دوای فەتحی ئیسلامی لە ناوچەی سنجار . هەروەها ( حەمەوی ) باس لەوە دەكات كە زۆربەی دانیشتوانی شاریهەولێركە كوردن ، بەعەرەب كران . بەپێی زانیاریەكانی كتێبی ( تاریخ جیهان نما ) ی توركیش : دانیشتوانی شاری موسڵ كورد بوون و بەكوردیش قسەیان دەكرد و عەرەبی و توركی و فارسیشیان دەزانی .

مێژووی نوێی عێراقیش ، دیاردەی كۆچكردنی هۆزە عەرەبیەكان بەردەوامیی هەبووە لە جەزیرەوە ، بەتایبەتیش لە ماوەی سەدەی ( 17 ) ی زاینی ، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی گۆڕانێكی گەورە لەنەخشەی دابەشبوونی جوگرافی و نەتەوەیی دانیشتوان ، لەسەرووشیەوە ، كۆچكردنی هۆزەكانی شەمەر لە ساڵی ( 1640 ز ) لە نەجد و باكوری دورگەی عەرەب ، كە هەندێكیان لە چیای ( شەممەر ) و هەندێكی دیكە لە نێوان ( عنە – فەلوجە ) گیرسانەوە ، لەكاتێكدا هۆزەكانی شەممەر تۆگە لە نێوان دیالا – كوت ، گیرسانەوە .

لەکۆتایی سەدەی ( 18 ) ی زاینی و سەرەتای سەدەی ( 19 ) شدا ، هۆزەکانی ( غزە ) توانییان هۆزەکانی شەممەر بگەیەنە قولایی خاکی عێراق ڕووەو ڕۆژهەلآت و ئەمەش کارێکی گەورەی هەبوو بۆسەر جموجۆڵی هۆزەکانی دیکە ، لە نێوانیاندا جوولەکردنی هۆزەکانی عوبێد و پەڕینەوەیان لە ڕۆباری دیجلە بەرەو حەویجەو بڕینی بەرزاییەکانی حەمرین .

مدحەت پاشاش ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە نیشتەجێکردنی ئەو هۆزە ڕەوەندانەدا ، چ لە باشور وەك هۆزەکانی ( المنتفك ) یان لە پارێزگای ناوەڕاست و جەزیرە وەکو هۆزەکانی ( شەممەر ) و ( دلێم ) و (کەعب ) . تەنانەت لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیشدا ، سیاسەتی نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبیەکان بەردەوام بوو ، دەوڵەتیش هەوڵی داڕشتنی کۆمەڵێك پلانی دا لە پێناوی دابەشکردنی زەویە کشتوکاڵیەکان و ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی ئاودێری بۆ ئاسانکردنی جێگربوونی ئەو هۆزانە تیایاندا ، لەوانە :- پرۆژەی جەزیرە لە موسڵ و پرۆژەی حەویجە لە کەرکووك ، ئەمەش ئاگاداریەك بوو بۆ بەعەرەبکردنی پارێزگاکانی موسڵ و کەرکووك و دیالاو کوت .

مێژووی نیشتەجێکردنی تورك لە عێراقدا بۆ کۆڕەوی ئەو کۆمەڵە هۆزو تیرەیە دەگەڕێتەوە کە پێشتر لە باشوورو ناوەرشاستی ئاسیاو ڕۆژهەلآتی دەریای ( قەزوین ) دا بوون . لە ڕاپۆتێکی لیژنەی ( کۆمەڵی نەتەوەکان ) بۆ چارەسەری کێشەی ولایەتی موسڵ لە ( ساڵی 1924 ) دا هاتووە کە تورکمانەکانی عێراق ئەو تورکانەن کە کاتی خۆی واتە لە سەدەی یازدەهەمدا لەناوچەکانی ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتوو کە تورکمانەکانی عێراق ئەو تورکانەن کەکاتی خۆی واتە لە سەدەی یازدەهمدا لەناوچەکانی ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتوون و پاشان بوونەتە موسڵمان و لە ولآتانی فارس و ئازەربایجان و عێراق و سوریاو میسرو تورکیاو ... هتد نیشتەجێ کراون . زۆر لە توێژەرەوەکانیش تورك دەکەن بە دوو کۆمەڵەوە .

1- یەکەم ئەوانەن کە لەگەڵ سەربازەکانی خەلیفە عەباسیەکان و ئەتابیکەو توغروڵ بەگ و حیشییەکانەوە هاتوون و ئەمانە تورکمانن .
2- دووەم ئەوانەن کە لەگەڵ عوسمانیەکاندا هاتوون ، ئەمانەش تورکیان لەگەڵدا بوون و پەیوەندیی ئەو تورکانەش بە دانیشتوانی تورکیاوە بەتین بووە ، بەڵام هەریەکەو شێوەزاری جیای خۆیان هەبووە .

شایانی ئاماژەیە نیشتەجێبووەکانی ئازەربایجان بە ( ئازەری ) و ئەوانەی تورکیا بە ( عوسمانی ) و ئەوانەی دیش بە تورکمان ناوزەدبوون کە ئەوانەی عێراق بەشێکن لەو تورکمانانە ( شاکر خصباك ) خۆی پشتیوانی لەو راپۆرتەی لیژنەی کۆمەڵی نەتەوەکان دەکات کە دەڵێ هەموو ئەو تورکانەی لەسەردەمی یازدەهەمی زاینیدا لە رووباری ( جیمن ) تورکمانیان پێ دەوترا کە لەبنەماڵەی سەرباوە عەباسیەکان و ئەتابیکەو ترغوڵ بەگ و عوسمانییەکان بوون . هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن کە تورکەکان لە ساڵی ( 54 ) ی کۆچیدا هاتوونەتە عێراق ، دیارە ئەوکاتە والی خۆراسان دوو هەزار جەنگاوەری ناردووەتە عێراق و لە بەسرە نیشتەجێی کردوون و بەشدارییان لە سوپای ئەبوموسلمی خۆراسانیدا لە ساڵی ( 132 ) ی کۆچی کردووە .

خەلیفە مونسووری عەباسیش لەگەڵ والی موسڵدا هەزار تورکی خۆراسانی ناردووە . موعتەسەمیش لەگەڵ والی موسڵدا هەزار تورکی خۆراسانی ناردووە . موعتەسەمیش بیست هەزار ڕمبازی تورکی هەبووە . لەگەڵ هاتنی دەسەڵاتی عوسمانی ( سولەیمانی قانوونی ) بۆ بەغدا هەر لەساڵی ( 941 ك – 1534 ز ) تا جەنگی یەکەمی جیهانی ( 1914 ز – 1918 ز ) تورکەکان توانیویانە کاریگەریی خۆیان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و بە درێژایی هێڵی ( تەلەعفەر – مەندەلی ) نیشتەجێ کراون تا کۆنترۆڵی ناوچەکان و زامنکاری هێڵی پەیوەندی نێوان و لایەنەکانی باکووری ئەنازۆڵ و لایەنەکانی باشووری پێ بکرێ .

وێڕای دەسەڵاتێکی چوارسەد ساڵەیی عوسمانی بەسەرئیدارەو حوکمڕانی عێراقدا هەوڵی بەردەوامی پیادەکردنی سیاسەتی بەتورك کردن ، بەتایبەتی لە دەیەکانی دووایی تەمەنی دەوڵەتەکەیاندا ، کەچی دواتر سیاسەتی ( بەعەرەبکردن ) ی نیوبەرنامە و سیاسەتی حکوومەتە عێراقییەکان کە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتەوە موسڵی پێوە لکێندرا ، وای کرد کە بە چەند قۆناغێك ژمارەی تورکمان کەم ببێتەوەو ڕۆڵ و ناوچەو پێگەیان لێ بستێنرێتەوە ، هەروەك چۆن ئەو سیاسەتە لە ناوچە کوردییەکاندا ئەنجام دراو کاریگەریی خۆیشی لەسەر کوردستان دانا .

**دەرەنجامەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن**

بەهۆی نەبوونی بەیاننامەو ژمارەی دروست و سەرتاسەریی تایبەتی بەدابەشکردنی نەتەوەییو زارەکیی دانیشتوانی عێراق بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی ناچارین پشت بەو دەسەبەرییانە ببەستین کە دەکرێ بۆ مەبەستی بەراوردکاریی وەریان بگرین ، کە ڕەنگە ڕاپۆتەکەی لیژنەی ( کۆمەڵی نەتەوەکان) بۆ چارەسەری کێشەی ( ولایەتی موسڵ ) لەهەموو ئەوانی دی کە لەبردەستدان زیاتر جێی پشت پێ بەستن بێ ئەمە وێڕای ئەوەی سەرنجمان لەسەری هەیە . پاش ئەو ناکۆکییەی کە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە نێوان بەریتانیا و تورکیا سەبارەت بە (موڵکییەتی ویلایەتی موسڵ ) هاتە ئارا ، کێشەکە خرایە بەردەم ) عصبە الامم ) کۆمەڵی نەتەوەکان تا چارەسەریی بۆ بدۆزێتەوە .

کۆمەڵی نەتەوەکانیش لیژنەیەکی بۆ بەدواداچوونی ڕاستییەکان ناردە ناوچەکە و پاشان لیژنەی ناوبراو ڕپۆرتێکی دوور و درێژی لەسەر واقیعی کێشەکەو ڕێگەچارەکانی دانا . لایەنە پەیوەندیارەکان کە حکومەتی عێراق و حکومەتی تورکیاو بەریتانییەکان بوون زانیاری و بەیاننامەی خۆیان پێشکەش بە لیژنەکە کردو ئەویش ( لیژنەکە ) کۆکردنەوەی زانیاری و چاوپێکەوتنی دانیشتوانی لە ئەستۆگرت ، هەریەکە لەو لایەنانەش بەم شێوەی خوارەوە مەزەندەی خۆیان لەسەر دابەشکردنی ویلایەتی موسڵ پێشکەش کرد :

| نەتەوە | بەیاننامە عێراقیەکان | بەیاننامەی تورکیەکان | بەیاننامەی بەریتانیەکان |
|---|---|---|---|
| کورد | 65 ٪ | 56 ٪ | 9 و 57 ٪ |
| عەرەب | 8 و 20 ٪ | 6 و 8 ٪ | 7 و 23 ٪ |
| تورکمان | 8 و 4 ٪ | 2 و 29 ٪ | 4 و 8 ٪ |
| ئەوانی دی | 4 و 9 ٪ | 2 و 6 ٪ | 11 ٪ |

**بەیاننامەکانی حکومەتی عێراق لەماوەی ( 1923 – 1924 ) کە راپۆرتی لیژنەی کۆمەڵی نەتەوەکان پشتی پێ بەستبوون**

**سەبارەت بە دابەشکردنی نەتەوەیی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ ئاستی پارێزگاکان بەم شێوەیەی خوارەوە بووە :**

| نەتەوە | شاری موسڵ | شاری هەولێر | شاری سلێمانی | شاری کەرکووک |
|---|---|---|---|---|
| کورد | 3 و 37 ٪ | 89 ٪ | 2 و 99 ٪ | 5 و42 ٪ |
| عەرەب | 29 ٪ | 1 و 6 ٪ | — | 9 و 31 ٪ |
| تورکمان | 2 و 3 ٪ | 5 و 1 ٪ | — | 4 و 23 ٪ |
| ئەوانی‌دی | 5 و 20 ٪ | 4 و 3 ٪ | 8 و 0 ٪ | 2 و 2 ٪ |

لیژنەی کۆمەڵی نەتەوەکان لە راپۆرتەکەیدا دووپاتی کردووەتەوە کە ئەو بەیاننامانە لە بەرژەوەندی کوردنین ، بەریتانییەکان لەگەڵ عەرەبیدا هاوسۆزبوون ، حکومەتی تورکیش لەگەڵ تورکەکانی ویلایەتەکەدا هاوسۆزبوون ، بەڵام ئاواش کورد زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ پێك دەهێنێت ، وێڕای ئەمەش کورد دانیشتووی بنەڕەت و ڕەسەنی ویلایەتەکە یە بەڵام عەرەب و تورك و بە درێژایی مێژوو کۆچیان بۆ ناوچەکە کردووەو لەگەڵیدا ئاوێتە بوون . پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و پێوەلکانی ویلایەتی موسڵ لەساڵی ( 1925 ) دا ، حکومەتە عێراقییەکان هەوڵی جێبەجێکردنی نەخشەی بەعەرەبکردنیان لە عێراقدا دەست پێکردووە کە ئەمەش لەساڵی ( 1924 ) دەوە تا ( 177 ) رێژەی دانیشتوانی لەشاری موسڵدا گۆڕی ورێژەیی عەرەبی لە ( 39 ٪ ) گەیاند . ئەمەی خوارەوەش خشتەی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە بەعەرەبکردن بەسر رێژەی دانیشتوانی هەردوو شاری موسڵ و کەرکووکدا هێناونی :

| | پارێزگای موسڵ 1924 | پارێزگای موسڵ 1977 | پارێزگای کەرکووک 1924 | پارێزگای کەرکووک 1977 |
|---|---|---|---|---|
| کورد : | 3 و 37 ٪ | 25 ٪ | 5 و 42 ٪ | 6 و 37 ٪ |
| عەرەب : | 39 ٪ | 6 و 73 ٪ | 9 و 31 ٪ | 4 و 44 ٪ |
| تورکمان : | 2 و 3 ٪ | 7 و 0 ٪ | 4 و 23 ٪ | 3 و 16 ٪ |